euaa
EUROPEAN UNION
AGENCY FOR ASYLUM

فینلەندا

# بۆچی داتای کەسیی من بۆ EURODAC دەگوازرێتەوە؟

جۆری A

داواکارەکانی پارێزبەندیی نێودەوڵەتی



KURDISH (SORANI)

## بۆچی من ئەم بڕۆشەرە وەدەگرم؟

تۆ داواکاریت پارێزبەندیی نێودەوڵەتی لەم وڵاتەدا پێشکەش کردووە، کە ناسراوە بە پەنابەری.

ئەم بڕۆشەرە زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو داتایە دابین دەکات کە لەلایەن دامودەزگاکانەوە هەڵدەگیریت و بۆ ماوەی چەندیش هەڵدەگیرێت.

## بۆچی من پێویستە پەنجەمۆر و وێنەی خۆم پێشکەش بکەم؟

دامودەزگاکانی ئەم وڵاتە پەنجەمۆر و وێنەی تۆ وەردەگرن. ئەم داتایە، بەیەکەوە لەگەڵ زانیارییەکانت لەبارەی ناسنامە و زانیاریی پەیوەندیداری تر، بۆ داتابەسی Eurodac دەگوازرێتەوە.

Eurodac هاوپۆلی دیاریکراوی ئەو کەسانەی کە هاووڵاتیی وڵاتێکی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (+EU) نین لەگەڵ کۆمەڵێک پەنجەمۆر و وێنەی تایبەتی ئەوان بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

ئەم داتابەیسە لەلایەن 31 وڵاتی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (+EU) بەکار دەهێنرێت و دەتوانن داتای تۆ پێواژۆ بکەن بۆ وەرگرتنی زانیاریی تۆ. وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (+EU) لە کۆتایی بەم بڕۆشەرە لیست کراون.

## ڕێسای بەڕێوەبردنی پەنابەری و کۆچ چییە؟



وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) لەسەر یاسایەکی هاوبەش ڕێککەوتوون بە ناوی ڕێسای بەڕێوەبردنی پەنابەری و کۆچ (AMMR) کە یارمەتیدەرە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی دەبێت کام وڵات پشکنین بۆ داوانامەی پارێزبەندیی نێودەوڵەتی بکات. ئەم یاسایە هەروەها ڕێگە بە وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) دەدات کە یارمەتی یەکتر بدەن ئەگەر وڵاتێک داوانامەی زۆری لە یەک کاتدا پێگەیشت.

تۆ دڵنیایی ئەوەت پێدەدرێت کە یەکێک لە وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) سەیری داوانامەکەت بۆ پارێزبەندیی نێودەوڵەتی دەکات بەڵام تۆ ناتوانیت ئەو وڵاتەی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) هەڵبژێریت بۆ ئەوەی بەرپرسیار بێت. ئەو وڵاتەی کە داوانامەکەت دەپشکنێت بەپێی یاساکانی ڕێسای بەڕێوەبردنی پەنابەری و کۆچ (AMMR) بڕیاری لەسەر دەدرێت.

ئەگەر تۆ بۆ وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) بەبێ مۆڵەت بار بکەیت و دووبارە پەنجەمۆرەکانت وەربگیرێنەوە، ئەوا هەموو ئەو داتایەی کە لە Eurodacدا هەڵگیراوە لەلایەن دامودەزگاکانی ئەو وڵاتەوە دەبینرێت.

**تۆ ئێستا لە فینلەندایت کە وڵاتێکی (EU+)یە.**
**وڵاتەکانی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) ئەمانەن:**

27 وڵاتی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا: نەمسا، بەلجیکا، بولگاریا، کرۆتیا، قوبرس، چیک، دانیمارک، ئیستۆنیا، فینلەندا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، یۆنان، هەنگاریا، ئیتاڵیا، لاتڤیا، لیتوانیا، لوکسمبۆرگ، مالتا، هۆڵەندا، پۆڵەندا، پورتوگاڵ، کۆماری ئیرلەندا، ڕۆمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ئیسپانیا، سوید و

4 وڵاتی دیکە: ئایسلاندا، لیختنشتاین، نەرویج، سویسرا.

## چ زانیارییەک لە EURODACدا هەڵدەگیرێت؟



ئەم زانیارییانەی خوارەوە هەڵدەگیرێن:

- پەنجەمۆرەکانت
- وێنەی فۆتۆگرافیی ڕووخسارت
- هەموو ئەو ناوانەی کە بەکاریاندەهێنیت یان لە ڕابردوودا بەکارتهێناون
- ڕێکەوتی لەدایکبوونت
- شوێنی لەدایکبوونت
- ڕەگەزنامە یان ڕەگەزنامەکانت
- ڕەگەزی تۆ
- کۆپیی ناسنامە یان بەڵگەنامەی گەشت کە بەکارتهێناون، لە هەرکوێیەک بەردەست بن، لەناویاندا زانیارییەکان لەبارەی ڕەسەنێتیی ئەوان
- پێناسی بەکارهێنەری ئەو ئەفسەرەی کە پەنجەمۆر و وێنەی تۆی وەرگرت و ڕێکەوتەکانی کاتی وەرگرتن و گواستنەوەی داتای تۆ
- ئەو وڵاتەی کە تێیدا داواکاریت بۆ پارێزبەندیی نێودەوڵەتیت پێشکەش کردووە
- ڕێکەوتی پێشکەشکردنی داوانامە بۆ پارێزبەندیی نێودەوڵەتی.

ئەم زانیارییانەی خوارەوەش ئەگەر پێویست بێت لە Eurodacدا هەڵدەگیرێن:

- ئەو وڵاتەی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) کە پشکنین بۆ داوانامەکەت دەکات
- ئەگەر شوێنت گواسترایەوە، وڵاتی شوێن گواستنەوەی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+)
- ئەگەر داوانامەکەت ڕەت کرایەوە و تۆ مافی ئەوەت نەبوو لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و هاوبەیوەستەکانی (EU+) بمێنیتەوە
- ئەگەر داوانامەکەت بەپێی ڕێکاری سەرسنوور دانرابێت و ڕەتکرابێتەوە یان داوانامەکەت بە هەڵوەشاوە دانرابێت
- زانیاری لەسەر هەر ڤیزایەک کە لەلایەن وڵاتێکی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) بۆ تۆ دەکرابێت
- زانیاری لەسەر هەر کاتێک کە تۆ هەرێمێکی وڵاتەکانی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+)ت جێهێشتبێت
- زانیاری لەسەر ئەوەی ئاخۆ تۆ پێشنیاری گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەت بۆ وڵاتی نیشتمانی خۆت پەسند کردووە.

تۆ مافی ئەوەت هەیە کە دەستت بەو داتایە بگات کە لە Eurodacدا هەڵدەگیرێت و زانیاریی نادروست هەموار بکەیتەوە و داوای سڕینەوەی زانیارییەکانت بکەیت ئەگەر بە شێوەی نایاسایی مامەڵەی پێوە کرابێت. تۆ دەتوانیت بۆ ئەنجامدانی ئەمە پەیوەندی بە ڕێکخەری داتاوە بکەیت. وردەکارییەکانی پەیوەندیی ڕێکخەری داتا لە بڕۆشەرێکدا هەن بە ناونیشانی **'ئەوەی پێویستە لەبارەی EURODAC بیزانیت'**.

## داتای کەسیی من بۆ ماوەی چەند لە EURODACدا هەڵدەگیرێت؟



زانیارییەکانت بۆ ماوەی 10 ساڵ هەڵدەگیرێن و پاشان خۆکارانە دەسڕدرێنەوە.

ئەگەر تۆ وڵاتینامە لە وڵاتێکی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) بەر لە بەسەرچوونی ئەم ماوەیە بەدەست بهێنیت، ئەوا داتاکەت دەسڕدرێتەوە. ئەگەر داتاکەت بسڕدرێتەوە، ئەوا کاریگەری لەسەر دۆخەکەت لەو وڵاتەدا نابێت کە تێیدا وڵاتینامەت وەرگرتووە.

## ئایا هیچ زانیارییەکی تر لە EURODACدا هەڵدەگیرێت؟

ئەنجامی پشکنینی ئاسایش هەڵدەگیرێت ئەگەر دامودەزگاکان بۆیان دەرکەوت کە تۆ ڕەنگە:

- چەکت هەبێت
- توندوتیژ بیت
- لە تاوانی تیرۆری تێوەگلابیت
- تاوانی گەورەت ئەنجام دابێت کە بەهۆیەوە لە وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) دەستگیر کرابیت.

لە حاڵەتی وەهادا، ئەمە بەوە لێکدەدرێتەوە کە تۆ دەبیتە هەڕەشە بۆ ئاسایشی ناوخۆ. ئەمە لە Eurodacدا لەگەڵ هۆکاری بەکار یان ئەو هۆکارانەی لەسەرەوە خرانە ڕوو هەڵدەگیرێت.

ئەگەر وڵاتەکانی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) چیتر تۆ بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆ سەیر نەکەن، ئەم زانیارییانە دەسڕدرێنەوە.

تۆ مافی ئەوەت هەیە کە دەستت بەو داتایە بگات کە لە Eurodacدا هەڵدەگیرێت و زانیاریی نادروست هەموار بکەیتەوە و داوای سڕینەوەی زانیارییەکانت بکەیت ئەگەر بە شێوەی نایاسایی مامەڵەی پێوە کرابێت. تۆ دەتوانیت بۆ ئەنجامدانی ئەمە پەیوەندی بە ڕێکخەری داتاوە بکەیت. وردەکارییەکانی پەیوەندیی ڕێکخەری داتا لە برۆشەرێکدا هەن بە ناونیشانی **'ئەوەی پێویستە لەبارەی EURODAC بیزانیت'.**

# تێبینێکانم

# تێبینێکانم

ئەم برۆشەرە تەنها بۆ مەبەستی زانیارییە. خۆی لە خۆیدا هیچ ماف یان بەرپرسیارێتییەک نابەخشێت. ئاژانسی یەکێتیی ئەورووپا بۆ پەنابەری (EUAA) ناوەڕۆکی سەرەکیی ئەم نووسراوەی دابین کردووە، و بەرهەمهێنانەوە یان دەستکاریکردنی ئەم برۆشەرە لەلایەن EUAA تەنها بۆ وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا ڕێپێدراوە. EUAA هیچ بەرپرسیارێتییەک یان گرتنەئەستۆیەک ناگرێتە ئەستۆ پەیوەست بە وردێتی، ناوەڕۆک، تەواوێتی، یاسایی بوون یان جێمتمانەیی ئەو زانیارییەی کە لەلایەن وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا یان هەر لایەنێکی سێیەمی بەرپرسی تر خراوەتە ناو ئەم برۆشەرەوە. نە EUAA هیچ کەسێک کە لە جیاتی EUAA لێپرسراونییە لە بەکارهێنانی ئەو زانیاریانەی لەم نامیلکەیەدا دەیدۆزیتەوە.

© ئاژانسی یەکێتیی ئەورووپا بۆ پەنابەری، 2025